## هۆزی فەیزوڵڵابەگی

مامۆستا حەسەن سەلاح (سۆران) و پرۆفیسۆرێکی زانستگە لە ئاڵمان بە ناوی وۆلفگانگ روودۆڵف (Wolfgang Rudolf) پێکەوە لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر هۆزی فەیزوڵڵابەگی لە رۆژهەڵاتی بۆکان و باشووری رۆژهەڵاتی سەقز کردوە کە سەرەتا بە زمانی ئاڵمانی لە ساڵی ١٩٦٧ دا بڵاو کراوەتەوە و پاشان دوکتور ناجی عەباس ئەحمەد وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردی و لە بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە (١٩٧٧).

بابەتەکە مێژوولکەیەکی بەسوودی هۆز و هەروەها ناوچەی فەیزوڵڵابەگییەکانە و بۆ ناسینی مێژووی دوو سەدەی رابردووی ناوچەی بۆکان یەک لەو سەرچاوانەیە کە ناکرێت چاویان لێ بپۆشرێت.

لە کۆتایی بابەتەکەدا، شەجەرەنامەیەکی هۆزی فەیزوڵڵابەگی چاپ کراوە کە پێکهێنەرەکەی کاک حەسەن سەلاحە. کاک حەسەن ئەو شەجەرەنامەیەی بە زمانی فارسی ئامادە کردوە و لە ساڵانی ١٣٤٤[١٩٦٥] دا لە تەورێز چاپی کردوە. هەردوو سەرچاوەکە لە پەیوەندی مێژووی ناوچەی بۆکاندا گەلێک بەنرخن.

وۆلفگانگ روودۆڵف و حەسەن سەلاح (سۆران)، "هۆزی فەیزوڵڵا (فیض اللا) بەگی بانی بۆکان (مێژوویەکی کورتی بنەماڵەیەکی بەگزادەی کورد)"، وەرگێڕانی د. ناجی عەباس احمد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی پێنجەم، بەغدا، ١٩٧٧

